کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-10-2007 23:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## فریشتەیەک بەناوی پێشمەرگە، دڕندەیەک بەناوی جاش جاشێکی کۆنەپێشمەرگە و پێشمەرگەیەکی کۆنەجاش ... پێشڕەو حەمید

ئەوکاتەی پێشمەرگە لەشاخەکانی کوردستان بوون و سەنگەری پاراستنی شەرەفی کوردانیان هەڵبژارد، ڕێك ئەوکاتانەبوو کە سوپای داگیرکەرانی کوردستان لەشارەکاندا قۆڵی نامەردیان لی هەڵماڵیی بوو وە بە هەموشێوەیەکی نا ئینسانیانە بەر ببونە گیانی ئەو خەڵکە و بە بەرچاوی (مستەشارو جاشەکان) ە وە تەعدای شەرەفیان لەکەس و کاری پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان دەکردکەئێستا نیوەیان بەرپرسی حیزبی و حکومین؟! ئەوکاتە نەك (مـن) هێشتانەم دەزانی (پێشمەرگە) کیی یەو پێشمەرگەبونیش چی مانایەك دەبەخشی بەڵکو هێشتا هیچ هۆکارێك نەبوو بۆ من تاهەناسەی بون هەڵمژم و نەشم دەزانی (جـاش) ەکان کێن و بۆچی وایان پی دەڵێن؟! بەڵام کە هاتمەوە بون و هەناسەیەکم لەم خاکە سوتماکەدا هەڵمژیی تی گەیشتم پێشمەربون چی مانایەکی هەیەو (جاشایەتیش چی دەبەخشی؟! ئەوکاتانەشی کەڕاپەڕین کراو زۆرترین خاکی کوردستان ڕزگارکرا لە دەستی بەعسی یەکان، ئەوجا تێگەشتم چەند جۆر (پێشمەرگە) و حیزب لەشاخەکاندابووە و چەند جۆر (جاش) یش ئیشیان لەسەر کوشتنی خەونی خەڵك و لەباربردنی عیشقی پێشمەرگە عاشقەکانی شاخ و کچە مەعشوقەکانی شار کردووە؟! بەڵام هەرگیز لەو نهێنی تێ نەگەشتم تادوایی شەڕی ناوخۆیش و هەمیشە پرسیارم لەخۆم دەکرد:- بۆ هەموو پێشمەرگەکانی شاخ شەهید نەبوون و بۆهەموو جاشەکانیش نەکەوتنە بەرنەعرەتەی جەماوەر و بەسزای (شۆڕش و گەل) یان نەگەیاندن؟؟.

ئەوکاتەیشی شەڕی ناخۆ هەڵگیرساو پێشمەرگەکانی کوردستان بەربونە گیانی یەکتر و هەرچی گوللەی بەجی ماوی بەعسیی یەکان بوو نایان بەیەکەوە، من تازە بەتازە دەستم کربوو بەخوێندنەوەی مێژووی حیزبەکانی کوردستان (مێژووی پڕ لەخەباتیان، مێژووی پڕ لە خوێنیان، مێژووی پڕ لە خیانەتیان، مێژووی پڕ لەشکستەکانیان)، ئەو کاتەیشی (ئەوان) واتە پێشمەرگەکان، بڕیاریاندا لەشەڕکانی خۆیاندا هەموو جوانیی یەکان بکوژن و دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین ببەن بۆ خۆیان، من هێشتا لە ڕەهەندەکانی ڕاپەڕین تێنەگەشتبوم؟! نەشم دەزانی بۆچی بەعسی یەکان ئەوندە دڵ ڕەقانە ئەنفال یان کردین و هەڵبجەیان شەهید کرد؟؟

من هێشتا تی ناگەم مرۆڤ چۆن دەتوانێت (جەلاد) یك دروست بکات بۆ کوشتنی خۆیی و لەگەڵ ئاوازی خوێندا سەمایی مانەوەی خۆیی بکات؟! چەند ئەستەمە بتاوانم بڕوا بەخۆم بهێنم کە ئەوەی من دەیڵێم بەشێك بێت لە خەون و خەیاڵم و بەشەکەی تریشی وڕێنەیەکی دوای ترسی سەرهەڵدانەوەی شەڕبێت؟!.

دوای ئەو هەموو هێشتا نەزانی نانەی من و ئەوانەی وەك من زۆر شتیان نەزانی و دواتر لەدوای ئاسەوارە نەگەتیڤەکانی لەگەڵیدا ژیان و هێشتا نازانن بۆ چی ڕویانداو بۆچیش دەبوو ڕوبدەن، هێشتا نازانین چی تر ماوە ڕوبدەن و کام ڕوداویان خۆمان بەرهەمی دەهێنین و دەبێت چەن کەسی تر باجەکەی بدەن؟!

ئەوەی نەدەبوو ڕوبدات (شەڕی ناوخۆ) بوو، ئەو شەڕەی کە تاسەرئیسقان لەگەڵ ڕق و تۆڵە سەندنەوە دا بەردەوام بوو، تائێستاش بەردەوامی خۆی هەیە بەشێوەیەکی تر؟! ئەو شێوەیەی کە ڕق و تۆڵەسەندنەوەکانی لە لولەی (تفەنگەکان) ەوە دەرناچێت و ڕۆژانە لە فۆرمێکی تری کارو کردارە نا مۆڕلی یەکانماندا خۆی بەسەر ماندا فەرز دەکات و ناچارانە لەگەڵ یەکتر دا ڕقەکانمان دەگوڕینەوەو کولتوری (سونەتی و تۆڵەسەندنەوەی) لێمان ناگەڕێت، کەهەرچی مان لەوشەڕانەدا دۆڕاند و هەرچیمان لەدەست دا، لەبیری خۆمانی ببەینەوە و وەك مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا مامەڵەبکەین و لەبری ئەوەی باسی قارەمانێتی ئەوشەڕانەبکەین، کەلەسەر تەپۆڵکەیەکی وشکی بی ڕۆح هەزاران بێوەژنمان خستە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جەسەتەی ئەم کۆمەڵگاوە و نیشتیمانێکمان پڕکرد لە هەتیوو؟!باسی ئایندەو بونیات نانەوەی ئەوەشوێنانە بکەین کە هەمو شەڕەکانی خۆمان لەگەڵ خۆماندا‌و دوژمن لەگەڵ ئێمەدا، وێرانیان کرد!!.
پێشمەرگە لەبیرەوەری نەتەوەدا هێما جوانەکانی بەرگری و ژیان و ژیانەوەن و خاوەن ئەو کەسایەتی یە ئەفسوناوی یەن کە مەحاڵە لە هیچ هێزێکی تردا دوبارەببێتەوە؟! هەمو کەسێك ناتوانێت وەك پێشمەرگە بێت و پێشمەرگانەش بژی؟! هەموکەسێکیش ناتوانێت پێناسەی پێشمەرگەبون بکات، تەنها ئەوکاتەنەبێت کە دوو جۆر پێشمەرگە دەبینێت؟! پێشمەرگەیەك کە تائێستاش ناخ و ویژدان و دڵی هەروەك جلەکانی سەردەمی شاخی خاکین و هێشتا بەرگە خۆڵاوی یەکەی شاخ و پشت سەنگەرەکانی لە خۆی نەکردو وەتەوەو تائێستاش پێشمەرگانە دەژی و جوتە پێڵاوە دڕاوەکانی سەردەمی شاخی لەپشت سەری خۆیەوە داناوەو هەمورۆژی ماچیان دەکات، ئەوجا پێڵاوە تازەکانی شار لەپێدەکات، وە پێشمەرگەیەکیش کە جلەخاکیەکانی شاخی فڕی داو بەرگێکی ناشرینی لەبەرکرد کەناوی بەرگی گەندەڵی یە؟! ئەم دوو جۆرە پێشمەرگەیە لەهەموشوێنێکدا هەیە، لەتەنیشت مزگەوتەکانەوە. لەبەردەم قوتابخانەکاندا، لەنزیك گەڕەکی ماڵە هەژارەکان لەوبەری ماڵی کۆنەجاشەکانەوە لە گەڕەکەکەی ئێوەدا، لەهەموو شوێنێکدا هەن، زۆر دوورنین دراوسێمانن.
هەرپێشمەرگەبوو توانی بەرگەی هەموو (شکستەکان و نسکۆکان و دۆڕاندنەکان و ئاشبەتاڵەکان) بگرێت هەرپێشمەرگەش بوو سەرچۆپی هەموو سەرکەوتنەکانی دوای هەموو هەرەسەکانی گرتوو نەی دەدایە دەستی کەسی تر تابۆئەوەی سوڕێك بە ئاهەنگ گێرانی سەرکەوتنەوە خۆی هیلاك بکات!!
هەرئەوبونەوەرە جوانەش بوو کەناوی پێشمەرگەیە نەی دەهێشت جاشەکان ئازاری منداڵە هەتیوەکانی شارو گوندەکان بدات، هەرئەویشە ئێستا لەگەڵ کۆنەجاشەکاندا شەریکە بەشەو پێکەوە لەیادی ڕۆژانی ئەشکەوتی پێشمەرگەو دیوەخانی جاشایەتی یدا پێك لەدوای پێك هەڵ ئەدەن و پلانی خۆدەوڵەمەندکردنێکی زیاتر ئەدەن لەسەر حسابی خەباتی (پێشمەرگە خاکیە کان) .

تێبینی: ئەم بابەتە لەژمارە (89) ی ڕۆژیی (2007/10/2) لە لاپەڕە (13 لا 9 رشۆژنامەی (ئاوێنە 9 دا بڵاو کراوەتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.